# یاساکانی هێز

نوسینی: رۆبەرت گرین و گۆست ئەلفیرز

چەند وانەیەك لە سەر چۆنیەتی سەرۆکایەتی کردن لە خۆرئاوا و خۆرهەڵات دا

## یاسای یەکەم: خۆڵ لە چاو کردن

بنەمای پەیوەندیکردنمان بەوانی دییەوە زیادتر لە سەر بنەمای تەڵقین دامەزراوە تا راستگۆ بوون. لەبەرئەوە نابێت هیچ کات هەوڵ مەدەنییەتەکانت بخەیتەڕوو، بەڵکو پێویستە لە هەوڵی ئەوەدا بیت کە خۆڵ بکەیتە چاوان و توانای و ورد بوونەوە لە بەرامبەرەکەت تێکبدەیت.

### شیکردنەوەی یاسای یەکەم:

باس کردن لە نیەتە راستەقینەکانمان کارێکی ئاسانە، بەڵام بۆ پاراستنی نهێنی و نەدرکاندنی، پێویستت بە لێهاتوورییەکی زۆر هەیە. زۆر کەس پێی وایە کە راستگۆ بوون تەنها چارەسەرە لەبەر ئەوەی هێڵێکی راست کورت ترین مەودا دەبڕێت لە نێوان دوو خاڵدا. بەڵام راستگۆیی بۆی هەیە هەڵخەڵەتێنەر بێت: لەبەرئەوەی لەگەڵ خۆتدا راستگۆیت چاوەڕوان دەکەیت کە ئەوانی دیکەش بەهەمان ئاست لەگەڵتدا راستگۆ بن. بەڵام ئەم راستگۆییەی تۆ لە دوا ساتدا بریندارکردنی هەستی ئەوانی دییەو ناچار کردنیانە بە درۆکردن لەگەڵتدا، بۆیە رێنماییت دەکەین کە پلان و نەخشەکانت بە نهێنی بهێڵیتەوە و ئاشکرایان نەکەیت بۆ ئەوەی بەر لە دەست پێکردنی شەڕ تۆ بردنەوەی خۆتت مسۆگەر کردبێت لەبەر ئەوەی هیچ فەرماندەیەك نییە بەر لە دەست پێکردنی شەڕ نەخشەکانی خۆی ئاشکرا بکات.

### هێز یاریەکی ناچارییە:

لەناو یاری هێز دا ناکۆکییەکی سەیر هەیە: هەموو هەوڵ دەدەین بۆ بەدەست هێنانی و نکوڵیش دەکەین لە دانان نان بەهەوڵەکانماندا.

بۆچی؟

لەبەر ئەوەی هێز شتێکی رەها نییە، بەڵکو بریتییە لە پەیوەندییەکی رێژەیی لەنێوان هەندێك لایەندا. کاتێك کە ئێمە بەهێز دەبێین، ئەوانی دی لاواز دەبن، بەڵام ئەم جیاوازییەش نابێتە هۆی ئەوەی کە یەکێك لە لایەنەکان لە یارییەکە بچنە دەرەوە، لەبەرئەوەی هێز یاری یەکی ناچارییە کە هەمووان دەبێت بەشداری تیایدا بکەن.

دەشتوانین بڵێین کە یەکەمین وانەی هێز بریتییە لە پیادەکردنی بە شێوەیەکی نهێنی. سەرجەم مرۆڤەکانیش رێز لەم یاسایە دەگرن، هەر بۆیە پێویستی بە بەهانە بۆ هێنانەوە نییە و بەڵگە نەویستە. ناپلیۆن دەڵێت: «مشتە ئاسنینەکەت لە ناو دەستکێشێکی خوریدا بشارەوە.

### چێشتخانەی هێز:

پێشتر و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، فەرماندە و بەڕێوەبەر سەرچاوەی هێز بوون بۆ پەیرەولێکەرانیان، هەرئەو پەیرەو لێکەرانەی کە پەراوێزیان لێدروست دەبێت. ئەم پەراوێزەش ئەو کەسانە لەخۆدەگرێت کەخوازیاری تێکەڵەیەکن لە هێز، سەجەم شارستانییەتەکان ئەم پەراوێزەیان ناسیوە.ناسراوەکان لە زانا و شاعر ئەو بیریارانەی کە خوازیاری ئاوێتەیەکن لە هێز. سەرجەم شارستانییەتەکان ئەم پەراوێزەیان ناسیوە. تیمی پەراوێز رۆڵی ئەو چێشتخانەیە دەبینێت کە ئەرکی فەراهەم کردنی دەسیسە و پیلانە بۆ بەدست هێنانی هێزی زیاتر و لاوازکردنی نەیارەکانی. بێگومان فەراهەم کردنی ئەم دەسیسە و پیلانانەش بەشێوەیەکی سروشتی بەنهێنی دەبێت. بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی پەراوێز نشینەکان یاسا گەلێك هەیە کە رێگە نادات بە شێوەیەکی ئاشکرا لە کەسێك بدرێت یا پیایدا هەڵبدرێت، لەبەرئەوەی ئەم کارە ئاماژەیەك دەبێت بۆ پیلان گێڕان لەگەڵ یاخود لە دژی کەسێکدا.

## هێز و بانگەشەی بێگەرد بوون:

زۆر کەس پێی وایە کە تەنانەت قسە کردن لەسەر هێز پڕ مەترسییە، ئەو کەسانە پێیان وایە کە تەنها بە نکوڵی کردنی یاری هێز دەتوانن لێی بێنە دەرەوە. زۆر جاریش زاراوەی ماکیاڤیلی و هەلپەرستی خراوەتە پاڵ ئەو کەسانەی کە بەشداری ئەم یارییە دەکەن. بەڵام ئێستا زۆرێك لە بیریاران مەکیاڤیلی بە یەکێك لە بیریارە مەزنەکانی دەورانی رۆشنگەری راستگۆیی دادەنێن، لەبەر ئەوەی هەوڵدان بۆ هێز هەوڵدان نییە بۆ دروست کردنی مەترسی و هەرەشە لەسەر ئاشتی و ئەوانی دی. هەوڵدان بۆ هێز هەوڵدانە بۆ بەدەست هێنانی ئاسایش و سەلماندنی خود. ئەم هەوڵدانەش بەیەکێك لە غەریزەکان دادەنرێت و پێویستییەکە کە ناتوانرێت نکوڵی لێبکرێت و بەکەم تەماشا بکرێت.

لێرەوەیە کە نابێت کەس دەست بەرداری هەوڵدانی بەدەست هێنانی هێز ببێت. ژیریش لەوەدایە کەئەم هەوڵدانە بە هێمنی و بەدوور لە دەنگەدەنگ بێت. لەبەرئەوەی بەدوای هێزدا چوون زۆر هەستیارە خوازیاری رێژەیەکی زۆرە لە هاوسەنگی. لەبەرئەوەی خوازیاری هەروەك پەپولە دەکەوێت کاتێك بەدەوری ئاگردا دەسورێتەوە.

## یاسای دووەم: رێگە بدە بەوانی دی پشت پێ ببەستن

بۆئەوە هەمیشە دڵسۆزی ئەوانی دی مسۆگەر بکەیت، پێویستە کە سوود مەندبیت بۆیان. تا ئەوانی دی زیادتر پابەند بن پێتەوە، ئەوەندەی تر ئازاد دەبیت، تائەوانی دیش زیاتر پشتت پێببەستن زیاتر دەتوانیت بیانخەیتە مشتی خۆتەوە، وریاش بە گەر ئەوانی دی بە ئەندازەی پێویست بزانن، دەتوانن دەست بەردارت بن.

**گێلی گا:** دەگێرنەوە کە جوتیارێك دووگای هەبووە و رۆژێك دێ بەجێ دەهێڵێت و هەرچی باری هەیە لە دووگاکەی دەنێت. لەبەرئەوەی گای دووەم هەر بە هێواشی بەرێگەدا دەهات، جوتیارەکە لە بارەکەی دادەگرت و لە گای یەکەمی دەنا و بەردەوام دەبووەوە لەسەر رۆیشتنەکەی. گای دووەم لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بوو تا کار گەیشتە ئەوەی لە هەموو بارەکانی گوازرایەوە بۆ گای یەکەم. گای دووەم زۆر بە لە خۆبای بوونەوە دەرۆیشت بەرێگادا، تائەو کاتەی کە خاوەنەکەی هەستی بە برسێتی کرد، ناچار هەستا بەسەر بڕینی بۆ خواردنی گۆشتەکەی، ئەڵبەتە نەیدەتوانی گای یەکەم سەربڕێت لەبەر ئەوەی بارێکی زۆری هەڵگرتبوو.

## شیکار کردنی یاسا:

پێویستە لەدەست دانت و دوورخستنەوەت زۆر بکەوێت لەسەر بەرێوەبەرەکەت و سەرجەم ئەوانەی دی کەلە تۆ ئاستیان بەرزترە، تەنها لە رێگەی یەك شتەوە دەتوانین ئەم کارە مسۆگەر بکەیت. بوونی تایبەتمەندی وبەهرەمەند بوون لە کارەکەتدا. مایکڵ ئەنجلۆ لە کاتێك دا دەژیا کە هونەرمەند پێویستی بە کەسێك بوو کە بیژێنێت و یارمەتی بدات بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکانی، ئەنجلو بەردەوام ناکۆکی هەبوو لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە یارمەتیان داوە و وازی لێ هێناون و بەجێی هێشتوون. بەڵام خاوەن داراییەکە بە پێچەوانەوە دوای ئەوەی کە پەشیمان بۆ تەوە کەوتۆتەوە دوای. بۆ مایکڵ ئەنجلۆ ئاسان بووە کە کەسێکی دی بدۆزێتەوە کە ئاگای لێ بێت لە رووی داراییەوە، بە پێچەوانەی خاوەن داراییەکە کەنەی دەتوانی کەسێکی دیکەی وەك مایکڵ ئەنجلۆی دەست بکەوێت.

## کارو سۆز:

لەو باوەڕەدا مەبە کەپشت بەستنی بەرێوەبەر بەخۆت و کارەکانت وادەکات کە خۆشتانی بوێت، لەراستیدا ئەو تەنها ئەو سوودەی خۆش دەوێت کەلە رێی تۆوە دەستی دەکەوێت و دەترسێت لە لەدەستدانی. تۆ بۆ ئەو هەروەك ئەو بیرەی کە دوای تێر ئاو بوونی لێی پشتی تێدەکەین کاتێك کە تینووین، هەمووومان حەز بە ئاو دەکەین، بەڵام کاتێك کە تێر ئاو بووین پشت گوێی دەخەین. بەڵام لە هەمانکاتدا هەوڵ ئەدەین کە هەمیشە برێك ئاو لە نزیك خۆمانەوە دابنێین بۆ ئەو کاتەی کە پێویست دەبێت. لەبەرئەوە پێویستە زیادەڕەوی نەکەیت لە پشت بەستن بەرێوەبەرەکەت لە رووی سۆزدارییەوە و باشتروایە تەنها گرنگی بەکارەکەت بدەیت لەگەڵیدا.

## چەندستراتیژێك بۆ پشت بەستنی ئەوانی دی بەتۆ:

دوو ستراتیژ هەیە بۆ ئەوەی وا لەوانی دی بکەیت کەپشتت پێ ببەستن.

### 1. ستراتیژی فراوان خوازی:

ئەمە ئەو ستراتیژەیە کە بسمارك پەیڕەوی لێدەکرد. ئەم ستراتیژە لەسەر بنەمای بەستنی پەیوەندی پتەو دامەزراوە لەگەڵ چواردەوردا و هەستان بەو کردەوانەی

كەدەبنە هۆی پتەوكردنی تۆڕی پەیوەندییەكان و لەڕێیانەوە دەتوانیت سەرجەم پەتەكان بگریت بە دەستتەوە و تائەو جێیەی كەئیدی ناتوانن دەست بەردارت ببن. لەبەر ئەوەی بە هەموو شتێك دەزانی و هەموو كارێكیش دەكەیت. ئەم ستراتیژە بۆ ئەوكەسانە بەسودە كە ئاساییین و بەبێ ماندوو بوون و بێزاری لەسەر كاركردن بەردەوام دەبن.

**2. ستراتیژی تایبەتمەندی:**

ستراتیژی ئەنجلۆ لەسەر بنەمای بەهرە و توانا دامەزرا بوو، ئەم ستراتیژە تایبەتە بەكەسە بەهرە مەندەكان، ئەو كەسانەی كە حەز بە خەڵوەت كێشی و تاك مەندی دەكەن لە بۆچوون و دیدگاكانیاندا بەرامبەر بە ژیان، بەمانایەكی دی ئەم ستراتیژە تایبەتە بەو كەسانەی كە داهێنەرن و پشت بەخەیاڵ و سۆز دەبەستن.

**یاسای سێ هەم: رووناكییەكان لەسەر بەڕێوەبەرەكەت لامەبەرە**

ڕێگە بەو كەسانە بدە كەلەچاو تۆدا گرنگترن هەست بە سەركەوتووی خۆیان بكەن و لە بەرامبەر تۆدا هەست بەمەترسی نەكەن لەبەرئەوەی هاوڕێیەتی زیرەكەكان خۆش نییە. زیادەڕەویش مەكە لە بەدەست هێنانی سەرسامیان بەرامبەر بەخۆت، تا كاربگاتە ئەوەی كە لێت بترسن. هەمیشە هەوڵبدە وەك كەسێكی خۆبە زل نەزان بمێنیتەوە بە تایبەت لەگەڵ ئەوانی دیدا.

**شیكار كردنی یاسا:**

هەموو بەڕێوەبەرێك خۆی بە گرنگترین كارمەندی كۆمپانیاكەی دەزانێت و هەروەك ئەو خۆرە وایەكە نابێت لە دەوروبەری هەسارە و ئەستێرەی دی هەبێت. لەبەرئەوە بەڕێوەبەر لەو كاتانەدا كە كار دەگاتە ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕێزو هێزەوە كەم جار گوێ بە دەنگی هۆشی دەدات و گوێی لێدەگرێت.

كاتێك تواناكانت دەخەیتە گەڕ پێ زانین و ڕێزلێنانت دەستدەكەوێت هاوكات لەگەڵ كینە و ئێرەیی پێ بردن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كەم و كورتییەی لەناخی مرۆڤایەتیدا هەیە. لەسەرت پێویست نییە كە هەستی ئەوانەی لە خۆت لەخوارترن لە رووی پلەو تواناوە رابگریت. بەڵام لەگەڵ ئەوكەسەنەدا كەلە خۆت پایە بەرزترن كارەكە جیاوازە. لەبەرئەوەی ئەوان حەز دەكەن هەست بە دڵنیایی لە مانەوەیان لە پلە و پایەكانیاندا. لەبەر ئەوە پێت وانەبێت كە درەوشانەوەت ڕێزت زیاد دەكات لەلایان.

پێویستە زیاتر هەوڵبدەیت كە وێنەی بەڕێوەبەرەكەت درەوشاوەتر و دەسەڵاتەكەی زیاتر بێت. هەروەك ئەوەی چەند هەڵەیەكی كەم بایەخ بكەیت و هەلی بۆ برەخسێنیت كە رەخنەت لێبگرێت و فێرت بكات ناوبەناو. لەم ڕێگەیەش دەروونی بەتاڵ دەكەیتەوە لەهەر كینەیەك كە هەیبێت بەرامبەرت. كەئەویش لە ڕێگەی سەر جوڵاندن و دان نان بە گەورەیی بەڕێوەبەرەكەتدا.

ئەگەر ناتوانیت خۆت بە دوور بگرت لە خستنەڕووی بیرۆكەی كاریگەر و پیا هەڵدانت لەلایەن ئەوانی دییەوە، كۆی سەرنجراكێشی و بیرت ئاراستەی بەڕێوەبەرەكەت بكە. بۆ ئەوەی هەست بە ئاسایشی زیاتر بكات لەلایەن تۆوە و كەمتر هەست بە مەترسی بكات.

**پەیڕەوی كردن لە یاسا:**

گالیلۆ بە بوێری ناسرابوو لە زانستدا. بەڵام گێل نەبوو لە پەیوەندییە كۆمەڵاتیەكاندا، هیچ كات دوو دڵ نەدەبوو لە پاشگەز بوونەوە لە بیرۆكەیەك كە هەڕەشەی دروست بكردایە لەسەر دوارۆژی. بۆ ئەوەی بتوانێت ویژدانە زانستیەكەی رازی بكات، پەیڕەوی لەم ستراتیژەی دەكرد:

1. بیرۆكە بوێرەكانی دەشاردەوە و تەنها لە نێوەندێكی زانستی دا دەیخستەڕوو، بۆ ئەوەی نەكەوێتە دەم نەیارە بەهێزەكانی.

2. داهێنانەكانی پێش كەش بەكەسە بەهێزەكانی دەوروبەری دەكرد. دوای لێ بوونەوەی لەهەر داهێنانێك، پێشكەشی دەكرد بەیەكێك لە كەساتییە بەهێزەكانی دەوروبەری، ئەم كارەش زیادتر پێگەی گالیلیۆی بەهێز دەكرد.

گالیلۆ بەردەوام بوو لەسەر گرتنەبەری ئەم شێوازە لە ئیش كردن تا گەیشت بە پلەی فەیلەسوفی ماتماتیك زان لە ساڵی (1610)دا. ئەگەر چی بووچوونەكانی بوونەهۆی ئەوەی كە زۆر لەزانایان گیانی خۆیان لە دەست بدەن.

## یاسای چوارەم: پارێزگاری لەنێو بانگی خۆت بكە

تەنها دەتوانیت ببیت بە نموونە، یاخود خۆت نمونەی خۆت هەڵدەبژێریت، یا كۆمەڵگا بۆت هەڵدەبژێرێت، لەبەرئەوە هیچ كات ڕێگە مەدە بە گومان كە كار لە نێو بانگت بگات هەرچەندە گەر گرنگیش بێت. دەتوانیت تەنها

بەنێو بانگت دوژمنەکەت ببەزێنیت بەبێ ئەوەی ناچار بیت پەنابەریتە بەر راکێشانی شمشێرەکەت. تۆش بۆ ئەوەی بتوانیت دوژمنەکەت ببەزێنیت پێویستە سەرەتا لە نێو بانگیەوە دەست پێبکەیت.

### رەچاو کردنی یاسا:

لەکاتی سەرهەڵدانی جەنگ لە نێوان سێ ئەمارەتەکەی چین دا "شوکو" کە سەرکردەیەکی ناسراو بووبە زیرەکیەکەی، زۆربەی هێزەکەی نارد بۆ سەربازگەیەکی دوور بۆ ڕوو بە ڕوو بونەوەی سوپای دوژمنەکانی و خۆی لەناو شاردا مایەوە لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە پاسەوانەکانیدا، دواتر هەواڵی پێگەیشت کە دوژمن بە ژمارەیەکی زۆر لە هێزە کەیەوە بەسەرکردایەتی(سیمای) بەرو شار دێت.

"شوکۆ" فەرمانی دەرکرد کە سەرجەم دەروازەکانی شار ئاوەلابکەن و ئالا کان هەڵبکەن و دانیشتوانی شارەکەش خۆیان بشارنەوە، هەردوای تێ پەڕ بوونی چەند کاتژمێرێکی کەم هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێ درا دوژمن گەیشتە بەردەم دەروازەکانی شار. لێرەدا (سیمای) فەرمانیدا بەسەربازەکانی کە بوەستن دواتر خۆی چووە ناو شارەکەوە، بەسەر سورماوییەوە لەو هەڵوێستەیەی دەروانی، دواتر زۆر بە خێرایی گەرایەوە بۆلای سەربازەکانی و فەرمانی پێدان کەزۆر بە خێرایی پاشە کشێ بکەن.

### ڕوونکردنەوە:

"شوکو" لە شەڕەکاندا بە زیرەکی و تەڵەکە بازییەکەی ناسرابوو. ئەم نێو بانگەش وای لە "سیمای" کردبوو کە باوەڕ بهێنێت بەوەی کە سوپای (شوکو) ی مەزن لە شوێنێکا خۆی مەڵاس داوەو چاوەڕوانە کە هەڵکوتێتە سەری دوای ئەوەی کە دەکەوێتە ناو ئەو داوەوە کەلە شارەکەدا بۆی نابۆوە لەشێوەی کردنەوەی دەروازەکانی شارەکەی بە چوڵکراوی. دوای ئەوەی کە "شوکۆ" توانی "سیمای" فریوبدات، سەرجەم ئەو کەسانەی لەناوبرد کە ئاگاداری دانای پلانەکە بوون، بۆ ئەوەی نێو بانگی نەزرێت.

### کلیلەکانی هێز:

پێویستە نێو بانگت پەرە پێ بدەیت لە ڕێگەی بوون بەخاوەنی یەکێك لە خەسڵەتە باشەکانەوە. ئالێرەوەیە کە ناوبانگت بە شێوەیکی خۆبەخۆ بلاو دەبێتەوە لەنێو زۆرترین ژمارە لەناو خەڵك دا. ئایا رۆمل/ ڕێوی بیابانتان لەیادە؟ ئەم پیاوە ترسی لەناو دڵی دوژمنەکانیدا دروست دەکرد و هەواڵی نزیکبوونەوەی بەسبوو بۆ چۆڵکردنی ناوچەیەك لەلایەن هێزە هاو پەیمانەکانەوە. تەنانەت گەر لە رووی چەك و ژمارەی چەکدارەکانیشەوە پێنج ئەوەندەی هێزەکەی رۆمڵ بوونایە. ئابەم شێوەیەیە کە تۆ ناوبانگی خۆت دروست دەکەیت و بەر لە گەیشتنت بۆ هەر شوێنێك دەگات و پێشت دەکەوێت و بەرپرسیاری یەکەمە لە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنەکانت. بۆ نمونە (هنری کسنجەر) نێو بانگی بەوە دەرکردبوو کە کەسێکی کاریگەرە لە دانوستانەکاندا بۆ ڕێکەوتنی ئاشتیانە. بە ئەندازەیەك کەسەرسەختڕین سەرکردە ململانێ کەرەکان کە دەیانبیست هنری کسنجەر دانوستانکەرە هەستیان دەکرد کە ئیدی هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نییە جگە لە ئاشتی نەبێت. بەڵام ئەو دانوستانکەرانەی کە رابووردوویان لێوان لێوە بە سەرنەکەوتن لە پێکهێنانەکاندا، هەمووان دەیانزانی کە دانیشتنەکان سەرکەوتوو نابێت و بەر لەوەی دانوستانکەرەکان هەڵسن بە رۆڵی خۆیان، لایەنە ململانێکەرەکان پێشێلی ڕێکەوتن نامەکانیان دەکرد، ئەم گشتاندنە بەسەر دادوەرو پزیشکەکانیشدا دەسەپێت.

**بەڵام چی دەکەیت کاتێك نێو بانگت هەر لەسەرەتاوە باش نەبێت؟**

ئێمە هەمیشە ناتوانین ئەو ژینگەیە دیاری بکەین کە تێدا دەژین، هەروەك چۆن ناشتوانین هەل ومەرجی لە دایك بوون و مردنمان دیاری بکەین، ئەگەر هاتوو لەبەر هۆکاری دەرەکی ناوبانگت باش نەبوو، دەتوانیت خۆت کردەوەکانت دیاری بکەیت. تەنها چارەسەر ئەوەیە کە پەیوەندی بکەیت بە کەسێك یاخود شوێنێك کە ناوبانگێکی باشی هەبێت و بە شێوەیەك کە ناوبانگی زاڵ بێت بەسەر ناوبانگت دا، ئەو ناوبانگەی کە تۆ هیچ گوناهێکت نەبووە لە دروست بوونی دا. ئەوکاتانە تەنها بە باس کردنی ناوبانگی ئەوکەس و شوێنانە، باس لەناوبانگی تۆش بەباشە دەکرێت.

## لە نێوان ناوبانگ و ویژدان دا

دەتوانیت بە ویژدانێکی ناتەواوەوە رووبەڕووی خەڵکی ببیتەوە، بەڵام ناتوانیت بە نێوبانگێکی ناشرینەوە رووبەڕووی خەڵکی ببیتەوە. نێوبانگ لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت و وەك ئەو پێوەرە وایە کە وتە و کردارەکانتی پێدەپێورێت. با



خۆتان.

## ململانێ نێو بانگەکان:

تۆماس ئەدیسۆن بەوە نێوبانگی دەرکردبوو کە کەسێکی خاوەن هۆشێکی مەزنە لەبواری کارەبا دا، بەڵام ئەوەی کە زۆربەی کەس نایزانێت ئەوەیە کە زانایەکی دی هەبووە بەناوی (نیکۆلا تسلا)و لەو بوارە دا سەرکەوتنی بە دەست هێنا کە ئەدیسۆن تیایدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەویش لەبواری دۆزینەوەی شەپۆلی لەرە لەری(ac) لەبری شەپۆلی جێگیری (dc) کە ئەدیسۆن دای هێنابوو، ئەدیسۆن لەم داهێنانەی تسلا زۆر تر بوو و سوور بوو لەسەر وێران کردنی نێوبانگی تسلا، بۆ ئەم کارەش هەستا بە تەرخان کردنی کات و ماندوو بوون و پارەیەکی زۆر بۆ دۆزینەوەی عەیب و ئیراد لە داهێنانەکەی تسلا دا. بۆ ئەم کارەش هەستا بە لێدانی کارەبا لە سەدان ئاژەڵ تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە داهێنانەکەی تسلا باش نیە و بەکەڵکی بەکارهێنان نایەت لە ماڵدا. هەروەها ئەم کارەی ئەدیسۆن پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی کە زیندانەکانی نیۆیۆرك بۆ یەکەمین جار لەسێ دارە دان بە کورسی کارەبایی ئەنجام بدەن لە ساڵی(1890)دا، لە یەکەمین تاقیکردنەوە دا زیندانیەکە یەکسەر نەکوژرا، بەڵکو لە هۆش خۆی چوو، بۆیە ناچار بوون چەندین جاری دی ئەم کارە دووبارە بکەنەوە تا زیندانیەکە مرد، ئەم لەسێ دارە دانەش بە ناخۆشترین لەسێ دارەدان دادەنرێت لە مێژوودا.

ئێستە کەس باس لە تسلا ناکات، جیهانیش ئەو بەهایەی ئەدیسۆنی لە بیر چۆتەوە کە دای لە پێناو پارێزگاری کردن لە نێوبانگەکەی.

## جیاکارییەك لەیاسای نێوبانگ دا:

لەناو یاسای نێوبانگ دا، یەك جیاکاری هەیە، هەن ئەوکەسانەی کە نێوبانگەکەیان لە ڕێگەی گوێ پێنەدانەوە بەدەست دەهێنن وەك هونەرمەندە سریالیەکان لە نمونەی سلڤادۆر دالی و ئەنتوان ئارتۆ. ئەوکەسانە هەوڵیان داوە لە ڕێگەی هەڵسوکەوتی سەیرەوە سەرنج بەلای خۆیان دارابکێشن. لەراستیدا هەندێکیان سەرکەوتوو بوون لە بەکارهێنانی ئەو ستراتیژەداو ڕێزێکی زۆریان لەناو نێوەندەی ڕۆشنبیرو هونەرمەندادا دەستەبەر کردووە. فەلسەفەکەشیان لەسەر بەم بنەمایە دامەزراوە: ئەگەر گوێ بە بۆچوونەکانی ئەوانی دی

نەدەیت لەسەر خۆت، ئازادیت لەو کارەی دەیکەیت و بۆ هیچ کەسێکیش نییە کە لێ پێچینەوەت لەگەڵدا بکات و ڕەخنەت لێبگرێت. بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا بووترێت ئەوەیە کە ئەوکەسانە لە بواری داهێنان و هونەر دا کاریان کردووە نەوەک ژیانی ڕۆژانە، لەبەرئەوە گەر وەک ئەوان نیت، خۆت هەڵمەقورتێنە لە فەلسەفەکەیان.

## یاسای پێنجەم: سەرنجراکێش بە جا بەهەر نرخێک بێت

باوەڕی خەڵکی لەچاویان دایە و لەسەر بنەمای ڕووکەش داردەکان هەڵدەسەنگێنن. هەر شتێکیش کە شاراوە بێت و لەبەر چاو نەبێت، حوکمی نەبووی بۆ دەکرێت. لەبەر ئەوە هیچ کات ڕێگە بەخۆت مەدە کەلەناو ئەو ئاپۆرەی خەڵکانەدا بمێنیتەوە کەپێیان دەوترێت "ئەوانە". بەهەر نرخێک بووە ببە بە جەمسەرێکی بەرچاو. با بیرو بۆ چوونەکانت بەهێزتر، ڕەنگەکەت جوانتر، ڕەوشەکەت باشتربێت. باشتر وایە ببیت بە ئامانج بۆ ڕەخنە و هێرش لەبری ئەوەی سێبەرەکانی لەیاد کردن قوتت بدات. هەمیشە جیاواز بە لەوانی دی، ئەمەش ئەو وانەیەیە کەلە گوڵەکانەوە فێری دەبین.

### بۆ ئەوەی بەهێزتر بێت:

1. لەبواری سۆز داریدا، هەمیشە هەموو هەستەکانت مەخەرە ڕوو، بەڵام لەبورای کاردا: وردکار بەو لۆژیکانە کاربکە، هاوکات لەگەڵ پاراستنی نهێنیدا.

2. هاورێیەتی داماوەکان مەکە: ئاسوودەیی و شانس وەک پەتا بڵاودەبێتەوە، هەن ئەو کەسانەی بەهۆی هاورێیەتی کردنیان بۆ کەسداماوەکانەوە مردوون،



لەبەر ئەوەی نەخۆشییە دەروونیەکانیش هەروەک نەخۆشیە جەستەییەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی بڵاو دەبێتەوە. لەبەرئەوە گەر لە توانای ڕاکێشانی خۆت و کۆنترۆڵ کردنی جووڵە ناکاوەکانی دڵنیا نەبوویت، هیچ کات هەوڵ مەدە کەسێك ڕزگار بکەیت کە خەریکە دەخنکێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ خۆیدا دەتبات و دەتخنکێنێت.

3. پێ زانینت هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە کارت لەگەڵدا دەکەن: بە وشەی گاڵتە ئامێز هەستی کەسانی دی بریندار مەکە، لەبەر ئەوەی زۆرن ئەو کەسانەی کە هیچ کات ئەو بریندار کردنەیان بیر ناچێتەوە تەنانەت گەر زۆر بێ ماناش بێت.

4. کارەکانت دڵێرانە ئەنجام بدە: کارێك مەکە کە نەتوانیت ئازایانە تەواوی بکەیت، یاخود دەبێتە مایەی تەریق کردنەوەت. ئاسانە چاککردنەوەی هەڵەکانی ئازایەتی بە شێوەیەکی ئازایانە، بەڵام گرانە چاوپۆشی کردن لە هەڵەکانی ترس بە شێوەیەکی شەرمنانەوە.

5. خاڵە لاوازەکانی ئەوانی دی بدۆزەرەوە: هەموو مرۆڤێك خاڵێکی لاوازی کوشندەی هەیە، گەر توانیت پەی پێ بەریت، دەتوانیت زاڵ ببیت بەسەریدا.

6. سووک سەیری ئەوشتانە بکە کە ناتوانیت بەدەستیان بهێنیت، لەبەر ئەوەی باشترین ڕێگەیە بۆ تۆڵە سەندنەوە لێیان، کاتێکیش دان بە خاڵی لاوازی خۆتدا دەنێیت، مافی بوونی دەدەیتێ و دەیکەیتە ڕاستی.

7. چۆنت پێ خۆشە بیر بکەرەوە، بەڵام بە شێوەیەك هەڵسوکەوت بکە کە ئەوانی دی پێیان باش بێت.

8. لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشەکاندا ئارام بە، گەر لە ڕووی دەروونیەوە زاڵ بیت بەسەر دوژمنەکەتدا

بە کرداریش زاڵ دەبێت.

9. هەمیشە وەك پێداویستییەك باس لە گۆڕان بکە و بە شێنەیی و قۆناغ بە قۆناغ ئەنجامی بدە: گەر تازە بوویت لە ئیشێکدا، هەوڵ مەدە هەر لە ڕۆژی یەکەمینەوە گۆڕانکاری تێدا بکەیت، ڕێزی خۆت پیشان بدە بۆئەو ڕەوشەی کە پێشتر گیراوەتە بەر تا ئەو کاتەی بە تەواوەتی لێی تێدەگەیت، دواتر دەست بکە بە گۆڕینی بە شێوەیەکی شێنەیی و هەنگاو بە هەنگاو.

10. هەرگیز کارێك مەکە کە ببێتە جێگەی ئێرەیی پێ بردن: ڕێزگرتنت لە هەستی ئەوانی دی، بەمانای نمایش نەکردنی تواناو سامانەکانت دێت، لەبەر ئەوەی ئێرەیی بردن وادەکات کەنزیکترین هاورێت ئارەزووی نەمانی سامانەکەت بکات، بە ئەندازەیەك کەبەبێ ئەوەی بزانن چی دەکەن، کاری بۆ دەکەن.

## پەیرەوی کردن لەیاسا:

جیهان وەك مەزنترین کەس لە بواری نمایشکردن دا باس لە (بارونوم) دەکات لە چاخی رابوردوودا. لە ڕۆژی بەر لە کردنەوەی پیشانگاکەی دا یەکێك لە سواڵکەرەکان لێی نزیك بووەوە ئەویش بەکرێی گرت و تا کاتی کردنەوەی پێشەنگاکەی کارێکی سەیری پێ سپارد. سواڵکەرەکە دەبوایە کۆمەڵێك بەردی لەسەریەك کۆبکردایەتەوە و دایبنایەو لەوێ وە دووهەنگاو بەرەو پێش بچوایە، دەبوایە ئەو کارەی ئەوەندە دووبارە بکردایەتەوە تا دەگەیشتە بەردەم پێشەنگاکە، دواتر دەبوایە بچوایەتە ژوورەوە و لەو سەرەوە بهاتبایەتە دەرەوە بەبێ ئەوەی قسە لەگەڵ کەسدا بکات. کاتێك کە ڕۆژی کرانەوەی پێشەنگاکە هات، ئەو ڕۆژە هاتوو چۆی ئوتۆمبیل لەو شەقامەی کە پێشەنگاکەی تێدابوو وەستا لەبەر قەرەباڵغی و کۆبوونەوەی ئەو خەڵکەی کە بەسەر سوڕماوییەوە لە سواڵکەرەکەیان دەڕوانی، کە دواجار بەناچاری لاساییان کردەوەو چوونە ناو پێشەنگاکەوە.

دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵێك (بارنوم) پەیکەرێکی خەیاڵاوی کڕی کەنیوەی سەرەوەی مرۆڤ و نیوەکەی خوارەوەی ماسی بوو. دوای ئەوە هەستا بە بڵاو کردنەوەی هەواڵێك لە ڕۆژنامە ناوخۆ و دەرەکییەکاندا کە دەڵێت هەندێك بوونەوەری هاوشێوەی پەیکەرەکە دۆزراوەتەوە کەلە پێشەنگاکەی دا هەیە، خەڵکیش دوای بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە ڕوویان لە پێشەنگاکە کرد بۆ ئەوەی لە ڕاستی و دروستی ئەو هەواڵە خەیاڵییە بگەن. (بارنوم) شێوەی جوڵاندنی خەڵکی دەزانی و لەم ڕێگەیەوە سامانێکی زۆری کۆکردەوە. کاتێك کە چاوەکان لێت ورد دەبنەوە دەبیتە خاوەن سەرنجراکێشییەکی ئەفسوناوی و بۆ هەر شوێنێك کە بتەوێت خەڵکی دەبەیت و سەرکردایەتیان دەکەیت.

## کلیلەکانی هێز:

تائێستا کەسێك نەبووە توانیبێتی لەگەڵ لەدایك بوونی دا توانای سەرنجراکێشیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت، بەڵکو ئەم بەهرەیە بەتەنها لە ڕێگەی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەوانی دی دا بە دەست دێت، لەئەزموونی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەوانی دی دا، جۆرێك لە هەست تیاماندا دروست دەبێت. بۆ نمونە هەن ئەو کەسانەی لە یەکەمین جاردا بە ئاسانی لەگەڵ ئەوانی دی دا دەگونجێن، ئەو کەسانەش هەن کەدوای تێپەڕ بوونی ماوەیەکی زۆر دەتوانن پەیوەندی دروست بکەن لەگەڵ ئەوانی دی دا. بۆ ئەوەی بچیتە ناو بازنەی ڕووناکییەوە پێویستە داهێنەر بیت لە سەرنجراکێشاندا و خۆشت بەدوور بگرە لە دووبارەکردنەوە، لەبەر ئەوەی دووبارەکردنەوە کاڵایەکە زوو فەرامۆش دەکرێت.

## ستراتیژەکانی سەرنجراکێشان:

1. ئەو کارە بکە کەبەرهەڵست کارەکانی "بیل گیتس" دەیانکرد: بەدوای کەسێکی بە ناوبانگدا بگەڕێ و هەڵەکانی شکار بکە - کەسێك نییە کە هەڵەی نەبێت. دواتر هەڵەکانی بخەرە ڕوو سەرنجەکان بەلای خۆتدا ڕابکێشە. ئەگەر چارەنوس وابێت کە تۆ سەرکەوتوو بیت لە کارەکەتدا، ئەو کەسە هەڵەی زیاتر دەکات. تا ئەوکارەش بکەیت ئەستێرەت درەوشاوەتر دەبێت. هەروەك دوو کەسی بەرهەڵستکار بەیەك کە نوێنەری دوو لایەنی چاکە و خراپەن، گەر تۆ ڕۆڵی چاکە ببینیت، کەسەکەی دی دەخرێتە خانەی خراپەوە.

2. پشتگیری لەکەسە باشەکان بکە: سارتەر کە دواهەمین فەیلەسوف ناوزەند دەکرێت، وەك کەسێکی یاخی ناسرا لە فەلسەفەی باوی سەردەمەکەی و هەمیشە لایەنی کەمایەتییە چەوساوەکانی دەگرت وەك کێشەی فەلەستین، ڕەش پێستەکان و یاخیگەرە جەزایرییەکان. کاتێکیش کە خەڵاتی نۆبڵی ڕەتکردەوە زیاتر لەو کەسانەی کە خەڵاتەکەیان وەرگرتبوو بووە مایەی سەرنج. بۆچوونە سەیر و ناشرینەکانی سارتەر بووە مایەی سەرنجراکێشان، بەڵام هیچ کات وەك کەسێکی پاڵپشت بۆ چەوساوەکان نێوبانگی خۆی لەدەست نەدا.

3. گەر کەسێکت نەدۆزیەوە هێرشی بکەیتە سەر، یاخود کەسێك کە بیکەیتە کەیسی خۆت، کارێکی

سەرنجراکێش ئەنجام بدە کە کەس نەتوانێت شیکاری بکات. لە شانۆگەرییەکی شکسپیردا هاملێت پەنای بردە بەر ئەم ستراتیژە کاتێك خۆی وەك شێت دایە قەڵەم تەنها لەبەر ئەوەی لە دڵی بکوژەکەی باوکی دا ترس دروست بکات. بەم شێوەیە بزوێنەری هەڵسوکەوتەکانت نادیار و شاراوەیە دوور دەبێت لە توانای دەرك پێکردنەوە کەدواجار هۆکارە بۆ ئەوەی خەرمانەیەك لە نهێنی دەوری کردەوەکانت بدات.

**خراپ لێکدانەوەی یاسا:**

بەبێ ئاگا و بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەها کۆمەلایەتی یەکان هەوڵی سەرنجراکێشی مەدە. زۆرکات حەزی خۆ دەرخستن وات لێدەکات کەهەڵەی کوشندەبکەیت. بەرگوێشمان کەوتووە کە کەسانێك تەنها بۆ ئەوەی ببنە جێگای سەرنج خۆیان کوشتووە. رووداوێکی گرنگ لە لەندەن رووی‌دا کاتێك کە یەکێك لە خانمەکان تەنها بۆ ئەوەی ببێتە جێگای سەرنج هەڵسا بە کردەوەیەکی سەیر و سەمەرە، ئەویش هەڵنەسان بوو لەبەرامبەر شاژنی بەریتانیا دا کاتێك کە هاتە ناو هۆڵەکەوەو، لەکاتێکدا کەسەرجەم ئامادەبووان هەڵسان لەبەری. لەگەڵ ئەوەشدا کە خانمەکە بیری لە کاردانەوەی کارەکەی نەکردبۆوە، بەلام لە چاو ئامادەبووان دا کردەوەکەی وەك بێ زەوقی یەك لێکدرایەوە.

هەوڵدانت بۆ سەرنجراکێشانی بەرپرسەکانت نابێت لە هەستی چاوچنۆکی و هەست بەکەم کردنەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵکو پێویستە ستراتیژەکەت لەسەر کۆمەڵە بنەمایەك بنیات بنێیت کەلەناو ژینگەکەتدا بەها گەلێکی بەرێز بن، هەروك چۆن هاوریکانت هەڵدەبژێریت، ئاوەهاش دوژمنەکانت هەڵبژێرە.

**حیکمەتی رووبار**

**لەم دوو حیکمەتی ژیانی رووبار رابمێنە:**

1. سامانەکەت باهەروەك رووبار بابێتەپێش چاو، گەر بێت لە بەردەم و لە داوەی بەربەست دروست بکەیت، دەیکەیتە زۆنگاو، بەلام گەر هاتوو چەند جۆگەیەك لە بەربەستەکەدا دروست بکەیت بۆ ئاراستەدان بە ئاوەکە، دەتوانیت جوڵەیەك بخەیتە ناو رووباری سامانەکەتەوە و ژیانی دەورو بەرەکەشت ببوژێنیتەوە.

2. ئەوشتەی کە ماسی دەیخوات و هۆکارە بۆ مردنی، تەنها شتێکە کە راوچی بە خۆرایی دەیبەخشێت.

**یاسای شەشەم: لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوانی دیدا بدوێ نەوەك هەستیان**

کاتێك کەباسی یارمەتی کۆمەك دێتە ئاراوە، ئەوە مەهێنە یادی ئەوانی دی کە چیت بۆ کردوون و ئەرکیان چی یە بەرامبەرت، لەبەرئەوەی هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن کە رزگاریان بێت لە دەستت، باشتر وایە کە بەزمانی بەرژەوەندی و ژمارە قسە بکەیت لەگەڵ یاندا.

**رەچاوکردنی یاسا:**

جەنگیز خان بەوە ناسرابوو کە ئارەزوویەکی زۆری هەیە بۆ رووخان و کوشتن. کاتێکیش کە سوپاکەی لەسەدەی دوانزەدا چینیان داگیرکرد، هەمووان پێیان وابوو کە شارستانیەتی چینی لە بێخ و بنەوە لەناو دەبات. بەلام یەکێك لە چینییە مەزنەکان بە ناوی "تسای" یەوە چوو بەدەم جەنگیزخانەوە و پێشنیارێکی پێشکەش کرد کە مێژوو پێی وایە ئەم پێشنیازە هۆکاری سەرەکی رزگار بوونی شارستانیەتی چینی بووە لە ناوچوون. "تسای" پێشنیاری ئەوەی کرد کەبەرامبەر بە نەکوشتنی هەر چینییەك باجێکی زۆر وەربگرێت، کاتێکیش کە جەنگیزخان سەیری ئەو زەوی یە پان و بەرینانەی کرد، تەنها دەیتوانی بیر لە سوتاندنیان بکاتەوە، بەلام "تسای" دووبارە پێشنیاری ئەوەی کرد کەلەبەرامبەر هەر مەترێك زەوی دا باجێك وەربگرێت. بەم شێوەیە "تسای" توانی هەستی مەزنترین وێرانکەر لە مێژوودا بگۆرێت بە تایبەت کاتێك کە ئاوازی بە ژێی بەرژەوەندی دەرهێنا.

**کلیلەکانی هێز:**

لەهەوڵدانی بێ وچانت دا بۆ گەیشتن بەهێز، هەمیشە لەبەرامبەر ئەوەدایت کە داوای یارمەتی لەسەروو خۆت یاخود خوار خۆت وەربگریت. پێت وانەبێت کە دەتوانیت کارەکانت تەنها لە رێگەی جوان قسەکردنەوە بەدست بهێنیت. لەبەرئەوەی تەنها لەبواری زۆر بەر تەسك دا دەتوانیت کارەکانت بەرەو پێش بەریت. سەرەتا پێویستە لە بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دی تێبگەیت. هەروەها پێویستە لە تواناکانت بنواری و بزانیت چی دەکەوێتە بازنەی تواناکانی خۆتەوە و چی دەکەوێتە بازنەی بەرژەوەندی یەکانی ئەوانی دییەوە. زۆربەی کەسەکان لەم جۆرە لێکدانەوەدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، هەربۆیە سەرکەوتوو نابن لە بەدەست هێنانی یارمەتی لەوانی دییەوە و لەنیوەی رێدا بە تەنیا دەمێننەوە. کاتێك کە داوای یارمەتی دەکەیت، پێویستە بە نیەتێکی باشەوە بچیتە پێشەوە و هەموو لایەنەکان لەبەر چاو بگریت. نییەتە پاك و جوانەکان نامێنن و کۆتاییان پێ دێت، بەلام ئەوەی کە دەمێنێتەوە و گۆرانی بەسەردا نایەت بەرژەوەندی و ژمارەیە. کاتێك کە داوای یارمەتی لە وانی دی دەکەیت و تەنها پشت بە

بەرژەوەندی و ژمارە هێمایەکە بۆ لەناوچوونی ئاکار. ئەم جۆرە کەسانە تەنها زمانێك کە دەیزانن زمانی هەست و سۆزە، ئەگەر ئەو کەسانەی کە ئەو بۆچوونەیان هەیە لە ئاستێکی بەرزتردا بن لە تۆ بێگومان ئەوان لەو ئۆرۆستۆکراتیانەن کە حەز بەکاری خێرخوازی و چاکەدەکەن لەبەرامبەر دیدی دەزگاکانی راگەیاندندا. مەبەستی ئەو جۆرە کەسانە تەنها خۆدزینەوە نییە لە نەدانی باج، بەڵکو پێیان وایە کە ئەرکێکی ئاکارییان لەسەر شانە لە بەرامبەر کۆمەڵگادا کە پێکهاتووە بە پاڵنەرێکی راستەقینەوە لەهەست و سۆز بۆ ئەنجامدانی کاری خێرخوازانە. لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا نابێت زۆر لەسەر هەست و سۆز پێدابگریت، لێرەوە دووبارە بە ناچاری دەگەڕێینەوە سەر زمانی وشەی بەژەوەندی لە لای ئەو کەسەی کە داوای کۆمەك و یارمەتی دەکات. کاتێك کەئەو کەسە بەرژەوەندی خۆی لەوەدا بینیەوە کە پەرە بەهەست و سۆزە چاکخوازەکانی بدات، لەسەر بنەمای ئەم لۆژیکە لەگەڵیدا بدوێ. بەڵام کاتێك کە دەبینی دەنگی بەرژەوەندی لە چاو دەنگەکانی دی بەرزترە، ئەوا ئەو کات تەنها بەزمانێك لەگەڵیدا بدوێ کە لێی تێبگات.



هەستی جوان ببەستیت و گوێ بە بەرژەوەندییەکانی نەدەیت، لەو کەسە هەل پەرست تریت کە تەنها گوێ بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی دەدات و گوێ بەهەست و سۆزی جوان نادات. کاتێك کە تۆ تەنها لەگەڵ هەست و سۆزی کەسەکەدا دەدوێیت، واتە تۆ لەراستی دا تەنها داوای یارمەتی دەکەیت بەبێ بەرامبەر. تەنها بەرامبەرێك کە تۆ وادەی پێدانی دەکەیت لە ئایندەدا ئەوەیە کە لە رۆژێك لە رۆژان پاداشتی ئەو چاکەیەی بدەیتەوە بە بێی ئەوەی تۆش ئەو بەرامبەرەت وەربگریتەوە کاتێك کە چاکە کرد لەگەڵ کەسەکەدا. بەم شێوەیە هەم خۆت و هەم کەسەکە دەخەیتە ناو گێژاوی پەیوەندییەکی سەرنەکەوتووەوە. لەبەرئەوەی تەنها لەسەر بنەمای بەدەست هێنانی هەست و سۆز دامەزراوە. لەبەرئەوە لەبەرژەوەندی هەردوو لادایە کەئەو پەیوەندی یە کۆتایی پێ بێت. باشتر وایە کە فێر بیت پەیوەندییەکانت لەسەر بنەمایەك بێت کە تیایدا هۆش بالادەست بێت لە چاو هەسشت و سۆزدا.

### جیاکارییەك لەم یاسایەدا:

زۆر هەن پێیان وایە کە قسەکردن بە زمانی

### یاسای حەوتەم: خۆت لە هەموو شتێکی هەرزان بەدوور بگرە

خۆشحاڵ مەبە بەو شتانەی کە بە خۆرایی یاخود بە داشکاندنێکی تایبەتەوە دەستت دەکەوێت. لەبەر ئەوەی لە دواتردا بە ئەندازەی بری تێچوونەکەی لاواز دەبیت لە رووی دەروون و ماددییەوە. خۆت وافێربکە لەبەرامبەر هەرشتێکدا کە بە دەستی دەهێنیت بەهاکەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بدەیت. هەروەها خۆشت لە هەموو شتێکی هەرزان بەدوور بگرە لەبەرئەوەی دوورت دەخاتەوە لە توانای هەڵسەنگاندن.

### شیکارکردنی یاسا:

"یوسف بن جعفر الحمود" ی مامۆستا برێکی زۆر پارەی لە شاگردەکانی وەردەگرت لە بەرامبەر فێرکردنیاندا. رۆژێك یەکێك لە فەقێکان لێی نزیك بۆوە و لێی پرسی: جیاوازییەك نابینیتەوە لە نێوان داواکردنی دوورکەوتنەوە لە چاوچنۆکی و خۆشویستنی خێر و وەرگرتنی پارەیەکی زۆر لە شاگردەکانت؟

مامۆستا وەڵامی دایەوە: سەبارەت بە جیاوازی، هەل رەخساوە بۆ ئەو کەسانەی کە رەخنە لە هەموو

ئیشێکی من بگرن، تەنانەت گەر بەبێ بەرامبەریش وانە بڵێمەوە. سەبارەت بەو پارە زۆرەی کە من وەریدەگرم لە شاگردەکانم، بزانە کە خراپترین مامۆستا ئەو کەسەیە کە هیچ وەرناگرێت لە شاگردەکانی و بەخۆرایی وانە دەڵێتەوە، لەبەر ئەوەی لە رووی دەروونیەوە دەتبەستێتەوە و ویست ناهێڵێت و ناشتوانیت لەهیچ شتێکدا لەگەڵتا جیاواز بیت.

## کلیلەکانی هێز:

هەوڵبدە هەموو شتێك بە پێودانگی تایبەت بەخۆت بپێویت. بەپەرۆش بە بۆ زانینی بری تێچوون و قازانج لە هەرشتێکدا کە بەدەستی دەهێنیت. لەبەر ئەوەی هەندێك شت هەیە کە بەخۆرایی و بێ بەرامبەر دەست دەکەوێت، بەڵام دواتر ناچار دەبیت کە لەبرەکەی خۆی زیاتر بدەیتەوە لە رووی دەروونیەوە.

لەوانەیە پێت خۆشبێت لەگەڵ یەکێك لەو کەسانەدا کار بکەیت کە بە نرخێکی کەم کاڵاکانت بۆ بهێنێت، بەڵام لە بەرامبەردا لە رووی چلۆنایەتییەوە کاڵاکانت دێتە خوارەوە. ئەو کاتە زیان بە نێوبانگت دەگەیێنیت لە ناو بازاڕدا. ئەو هەلەش دەدەیتە رکابەرەکانت کە بە پێدانی برێکی زیاتر لە پارە نێوبانگێکی باشتر بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. هەمان یاسا دەسەپێت بەسەر ئەو چێشتخانەیەی کە نانی تێدا دەخۆیت، یاخود ئەو یانەیەی کە کاتی تیادا بەسەر دەبەیت و دەحەوێیتەوە تیایدا. کەمی نرخ لە چلۆنایەتی خزمەتگوزارییەکاندا رەنگدەداتەوە و کاریگەر دەبێت لە سەر نێوبانگت و لە پێگەی هێزەوە وەك فرۆشیار دەتخاتە پێگەیەکی لاوازەوە. لەکاتێکدا دەتوانیت لە رێگەی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە بە نرخێکی گرانتر کاڵادەهێنن هەلی زیاتر بەدەست بهێنیت بۆ هێشتنەوەی هێزت هەروەك خۆی.

شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ سامان و پارەدا یەکێکە لە پێودانگەکانی هێز، زۆرن ئەو کەسانەی کەسامانەکانیان لە دەست دا تەنها لەبەر ئەوەی بەتەمای بەدەست هێنانی سامانی خێرا بوون، دوای ئەوەی کە کەوتنە داوی هەڵپەرستەکانەوە. لە راستیدا ئەو جۆرە کەسانە بە کارەکانیان بانگەشەی دەستکەوتی ئاسان و خێراو بێ بەرامبەر دەکەن و کەسانی پیسکە و چاوچنۆك لە خۆیان نزیك دەکەنەوە. رێگە مەدە سامانی ژمارەیی پەل کێشت بکات بۆ ناو داوەکەی تەنها بیر لە زەمانی سامان بکەرەوە.

## ئەرکی پارە:

دەگێڕنەوە کە پیسکەیەك دوای ئەوەی تەمەنی لە پێناو کۆکردنەوەی ساماندا بردۆتە سەر ویستویەتی فلسێکی سامانەکەی لەدەست نەچێت و هەستاوە بە فرۆشتنی هەرچییەك کەهەیەتی و بە پارەکەی پارچەیەکی گەورەی ئاڵتوونی کریوە. پیسکەکە پارچە ئاڵتوونەکەی لە شوێنێکی نهێنیدا شاردۆتەوە و ناو بە ناو سەردانی دەکرد لە بوونی. رۆژێك یەکێك لە خزمەتکارەکانی بەمە دەزانێت و هەڵ دەستێت بە کرینی پارچەیەکی هاوشێوە بەڵام لە مس و لە شوێنی ئاڵتونەکە دای دەنێت. کاتێکیش کە کابرای پیسکە هات سەیری پارچە ئاڵتوونەکەی بکات هەستی بە جیاوازی نەکرد و هەربەو شێوەیە مایەوە تامرد. بە مردنیشی پارچەیەك مسی لە دوای خۆی بە جێهێشت بۆ وەرەسەکانی.

کابرای پیسکە بە درێژایی ژیانی لەو راستییە نەگەیشت کە بە های راستەقینەی پارە لە بەکارهێنانەکەی دایە نەوەك لە کۆکردنەوە و چاودێری کردنی.

## لە نێوان دەست بڵاویی و پیسکەیی دا:

هەندێك لە دەوڵەمەندەکان پەنا دەبەنە بەر پیسکەیی لە پێناو کەم کردنەوەی چاوچنۆکی دەوروبەریان لە سەر سامانەکەی. هەشن کەسانێك کە زۆر دەست بڵاون. بەڵام تۆ دەبێت بگەیتە خاڵێك لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا، ئەم هاوسەنگییە پێکدێت لە دوو هەنگاو:

1. بەئەندازەی بەهاو ئەوشتەی کە بەدەستی دەهێنیت بەرامبەرەکەی بدە، نەکەمتر نە زیاتر. هەوڵیش مەدە لە دانەوەی قەرزەکانت دوا بکەویت و خۆتی لێبدزیتەوە. لەم رێگەیەوە زۆر بە ئاسانی قەرزت دەست دەکەوێت تەنانەت گەر داواش نەکەیت. هەمیشە وا پشان بدە کە پارە بایەخێکی ئەو تۆی نییە و ئەوپەری هەوڵیش بدە کە ئەو پەری بەها بەدەست بهێنیت لەبەرامبەر ئەو پارەیەدا کە دەیدەیت.

2.ستراتیژی هەڵبژاردن لە بەخشیندا بە کار بهێنە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانت پتەوتر بکەیت و خزمەتگوزارییەکانیان بەدەست بهێنیت. هیچ شتێك بە ئەندازەی پیسکەیی خراپ نییە بۆ کەسێك کە بەدوای هێزدا بگەرێت. پیسکەیی مەودای دەسەڵاتت کەم دەکاتەوە و هەلەکانی بەردەستت سنووردار دەکات.

هەڵبژاردەیەك لە کتێبی "48 یاسای هێز" ەوە

پەرچڤەی بەختیار ئەحمەد ساڵح